# چیرۆکی (شەوێک بەر لە سبەی): شەڕی نێوان ئەمڕۆ و سبەی (حەزی ئافرەتانە و کەڵکەڵەی دەروونی)

ڕەخنەی: ئەنوەر هوژەبری (*)
(مەریوان)

**شەوێک بەر لە سبەی**

دەق: شادی نیکخا
(مەریوان)

ئێوارە نارنجی بوو. بەو هەموو خەمەوە بیری کەوتەوە کە وەرزی لیمۆیە و ئەو وتوویەتی لیمۆشیرین تامی وەسڵ دەدات. تا درەنگ بیخۆی تاڵتر دەبێ.

هەموو ڕۆژێکی پێنج ساڵ ئەو بڕیارەی بۆ خوا تازە کردەوە کە ئەگەر «کانی» بێتە ژوورەکەی، ئیتر هیچیتری ناوێ، کەچی ئەمە ئێوارەی چوارەمە تەماع دەکاتە خۆر و بۆی ناگیرێ.

**– ئێوارەکان دەیانویست بشکێنەوە بە سەرمدا. ئێوارەکانی ڕەش، ئێوارەکانی سەراب. ئێوارەکانی قورقوشمین، چ گەمژەییانە دەهاتن و دەپاڕانەوە کە داگیرم کەن. کە دامبێژن. چ شێنەییانە لاسایی چاوتیان دەکردەوە و دەیانڕوانییە تۆ، لە تۆتۆی وجوودمدا، ئەو ئێوارە هەمدیسان لینج و شەهوەتییانە. ئەو ئێوارانەی کە بێ ئەوەی ئاگادار بن لەوەی سپێدەیەک چڕ و تەژی، دەشنێتەوە و ترش و زەرد، بە نازێک.. ئارامتر، بە بزەیەک.. نەرمینتر، بە قلقلەیەک.. دەمارەکانم خاو دەکاتەوە و دڵم دەڕەوێنێتەوە وەها کە هەرچی ئێوارەیە بەشی چرکەیەکی نەکات. (1)**

....

«کانی» دەڵێ زۆر لەمێژە، پێش ئەوەی شووی پێ بکات، بگرە پێش ئەوەی دایکی شوو بکات، لەوانەیە ئەو کاتەش کە نەیانهێشت باوکی کچە ڕەعیەتەکەی دراوسێیان بخوازێ، ئەم سێبەرەی بینیوە. زۆری پێ وتووە: گڕی ئەم سێبەرە ئاخری دەگاتە ماڵەکەمان.

خۆ پێیشی وتبوو ئەگەر ئەڵقەکەت ون کەیت، ون دەبم! هەر ئەو پاییزەش ونی کردبوو.

کانی دەڵێ: سەحەر! تکایە تۆش وەکوو ئەو قسەکانم بە گاڵتە مەزانە، واز لە من بهێنە، چیرۆکێکیتر بنووسە.

بەڵام دڵنیام «سەحەر» دەڵێ: وەڵڵا خۆ من تۆ بناسم لەوەش بێ حەیاتری.. یانێ دوای مردنیشت وازم لێ ناهێنی؟

سەحەر هەر وابوو.

***

– یادی بە خێر شیرین.. تەنیا دوو ڕۆژ بوو، کەچی بە درێژایی چیرۆکێک پێکەوە ژیابووین. پێش ئەوەی بیناسم، بگرە ڕقیشم لێی بوو. سەحەر نەبێ کەس نەبوو بە هاوڕێی. هەر کە هاتە خوێندنگەکەمان کردیان بە چاودێر، ئەویش زۆر لەخۆبایی بوو و هەڵسوکەوتێکی گونجاوی لەگەڵ کچەکان نەبوو. ئاخر شیرین کورد نەبوو.

سەحەر هەرگیز من بە چیرۆکنووس نازانێ. سەحەر هێشتا نازانێ ژن بوون چەن دژوارە. دژوارتر ئەو کاتەی بە دەم قاپ شتنەوە بە دوای کارەکتەرە بزربووەکەی ناو چیرۆکەکەتدا وێڵی و دڵت نایە بیمرێنی، لەپڕ خانمی ماڵ بانگت دەکات: «خێراکە دوو قاوەمان بۆ بێنە! کەتی جوون بە شەکرەوە حەزی لێیە!»

***

– دەزانم کانی زۆر کەیفی بە شیرین نەدەهات. نازانم بۆچی مردنی شیرین هێندە پەرێشانی کرد، تەنیا دوو ڕۆژ پێکەوە بوون.

ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو چیرۆکەکانمی دەخوێندەوە و ئەمجارەی دوایی، ڕەنگە ئیرەیی بردبێ کە چیرۆکە تازەکەمم لەبەر شیرین وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی ـ وەرگێڕانێکی دوو تەقەڵ و مانگەشەوی– ئەو پێش کانی خوێندییەوە. نازانم بۆچی هێندەی هەوڵ دا نەهێڵێ کەس ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، بەڵام ـ زۆر درەنگ زانیم کە دەبێ بڵێم بەداخەوە ـ فریای شیرین نەکەوت. جارجارێکیش دەیوت «کوڕە جا ئەگەر کەس نەیخوێنێتەوە، ئەی من چۆن ناحەزەکانی ئەوم بۆ دەرکەوێت؟».

کاتێک لە پرسەکە گەڕاینەوە، کچەکان وایاندەزانی ئەو لاپەڕانەی ئازەری خوشکی شیرین پێی داوم، بیرەوەرییەکانی شیرینە و دەبێ پێوەندییەکیان بە خۆکوشتنەکەیەوە هەبێ، بەڵام کانی سەری کردە جەرگم و وازی نەهێنا هەتا چیرۆکەکەی لێ سەندم.

ئەمە گێڕانەوەی سەحەر بوو.

***

کە دووبارە سەیری ئاسمانی ئێوارەی چوارەمی کرد، دڵەڕاوکێکانی پتر بوون:

– ئاخ خۆزگە دەمتوانی خۆر ببەستمەوە و نەهێڵم دابچێ.

**ئێوارەیە و مەودامان بەس دیوارێکە کە تکە تکە ئارەقی شەرمی لێ دەتکێ و چاوم لێیەتی لەبەر ئەم (ئێمە)یەدا دەتوێتەوە و باڵا بەرز و سەختەکەی دەچێت بە ناخی زەویدا. ئێوارەیە و لەم دیو ئەم دیوارە هیچەوە، شەرمی مەزنی و جوانیی چۆلەکەیەک دەمباتەوە ناخی خۆم و بۆشایی خەڵوەتەکەم پڕ دەبێ لە مۆسیقای جریوەجریو. تۆ بڵێی ئەم هێلانەیە بەرتەسک بێت و ماندوویییەکانی لەخۆ نەگرێ؟ خۆم چاوم لێ بوو چەن بەزەحمەت پل و پووشی کۆ کردەوە و ئەو سەرپەنجە ناسکانەی چەن جار ژاکان، تا ئەم هێلانەیەی ڕۆنا. شیعرەکانی پێم دەڵێن. دەڵێ: هەر کاتێک هەوا سارد و تۆف بێت، دەرگای هێلانەکە بۆ چۆلەکە بچکۆلەکەت واڵا دەکەیت؟**

**ئەگەر تەنیا لە سەرما و ڕەهێڵەدا دێت، سا خوایە هەر بەفرا.. باران!.. زستان...**

«هـەورا» لـە ترسـی شـەو، ڕەنگـی شـێتی لـێ نیشـتبوو و لەولاشـەوە «کانـی» بـە ڕۆژ هـەر عەشـق بـوو هەڵدەقوڵـی و دەسـتی پێنـج سـاڵ تاسـە و خەونـی پەلکەزێڕینەیـی بـە زمانـی شـیرین و نیـگای هەنگوینـی دەنایـە نـاو دەسـتی هـەورا و هـەر لـەو کانییـەش نەدەچـوو کـە شـەوان بـە دەسـت ئازارێکـی بێسـرەوتەوە دەتاسـا.

– وەرە دەی ساردەوە بوو.

– ....

– ئـەو گشـتە ڕقیشـم لـە چێشـت لێنانـە، ئـەو یاپراخـە خۆشـەم لـێ نـاوە، کەچـی هیـچ ناڵێـی؟

– دەستت خۆش

بـێ ئـەوەی خۆیشـی بزانـێ ڕسـتەکەی بۆچـی هێنـدە چیـاوە، لـە دڵییـەوە وتـی:

«چـوار شـەو ئیتـر بەسـە بـۆ ئـەوەی بـەم ژیانـە تـازە ڕاهاتبـێ و بـاوەڕ بـکات کـە ڕۆژە نەگبەتەکان بەسـەر چوون»

... بـەڵام مـن دەزانـم خـۆی هێشـتا بـە دەم ئـەو خەمـەوە دەتلایـەوە کـە بۆچـی کانـی بـەو هەمـوو دڵناسـکییەوە تەنیـا بـە تاوانـی بچکۆلـەی «بـە ئاشـنای بـوون» دەبـێ هێنـدەی ئـازار چەشـتبێت؟

بێدەنگیـی نـاو ژوورەکـە هێنـدە خەسـت بـوو، زۆری نەمابوو ئـاوات بـە سـێ دوێشـەوەکەی پێشـوو بخـوازێ.

– سێبەر سێبەر سێبەر؟؟!!

زۆر بە تووڕەیی وتی:

– ئاخـر ئـەم وەهمـە چییـە هێناوتەتـە نـاو ژووری خەونەکانمـان کانی؟

کانـی بـەو هـاوارە بـەرزە ڕاچڵەکـی و تونـد تونـد باوەشـی بـە هـەورادا کـرد. ئەمجارەیـان ناسـک، هێـور. وەک ئـەوەی هیـچ سـێبەرێک بوونی نەبووبێ و هیـچ کەسـیش هـەر لـە کاتـی دەزگیرانیـدا ون نەبووبـێ. هـەورا بـە هێواشـی دەسـتی نایـە سـەر دڵـی. شـەرمی ناونیگاییشـی ئەهۆنتـر بـووەوە، پاشـان هـەردوو دەسـتی. مەسـتی ئـەو لایەلایـەی بووبـوو. تپ..تپ..تـپ..

**فریشـتە موقەددەسـەکان باڵیـان کردبـوو بـە شـەرارەت. لێویان پڕبوو لە کووپـەی مـەی. دڵیان بە هەنارەوە دەرخوارد دەدام و سەرگۆی هەردوو مەمکیان دەکردە سـەرچاوەیەکی ئەبـەدی بـۆ بیـری منداڵانـەم. چـەن سـەیر بـوو. منداڵێکـی دەستلێوەشـاو، کـەی دەتوانـێ فێـری ئـەو قەداسـەتە ببێـت؟**

– ئـەی دەرکـی هێلانەکـە بۆ چۆلەکـە بچکۆلەکەت واڵا دەکەی؟

– هەمـووی هـەر هـی خۆتـە. دەرگای نییـە و بـێ دیـوارە. پـڕە لـە خـۆت.. لـە تـۆ هـەورا گیـان!

دوو کـەس بـوون، بـەڵام ئاوێنەکـەی بەرانبـەر، یـەک جەسـتەی پیشـان دەدا.

شـەوی پێنجـەم تاریک بوو و هـەورا بە پەڵەکانی سەر جەستەی نەزانی. کە سەرچەفەکەی لادا...

**ئاهـ.. ناڵاندن چەن پێویستە، ئێستە دەزانم ئاهـ چییـە؟ ناڵـە چییـە؟ دڵـی مـن! نازانـی ناڵانـدن چ چێژێکی تێدایە. چ ڕووناکی و سووکییەکی ئاسوودەی بـە دواوەیـە، تەنانـەت خـواکان دەناڵێنـن، تەنانـەت دڕنـدەی سـەر کێـوەکان دەناڵێنـن...(٢)**

پـێ دەچـوو باوکـی و پشـتیوانی بـرای، هـەر بـە هەمـان تاوانـە بچکۆلەکـە وایـان لـێ کردبـێ، گەرچی زامەکانـی لـە جـێ داخـی جگـەرەش دەچـوون.

.....

کانـی: وتبـووم بـا ڕۆژانـی سـێ شـەممە سـەرێکی ئـەم دەفتـەرە بدەیـن و بزانیـن لـە دڵـی ئـەوی ترماندا نەوتـراوە و نووسـراوە؟ هـەر پێش زەماوەندەکەمـان، پێـم وایـە پێـش لـەوەش ئەڵقەکـەی ون بـکات، ئـەم دەفتـەرەم کڕیبـوو، کەچـی تـا ئێسـتا نـە سێشـەممە و نـە هیـچ شـەممەیەکیتریش، دڵمـی نەخوێندۆتـەوە.

سـەحەر! تـكات لـێ دەكـەم وەكـوو ئـەو، قسـەكانم بـە گاڵتـە مەزانـە. واز لـە مـن بێنـە چیرۆكێكـی تـر بنووسـە.

بێگومان سەحەر دەڵێ:

– تـۆ زۆر ڕۆمانتیكـی، تەنیـا مەبەسـتت ئـەوە بـوو بڵێـی سێشـەممە ڕۆژێكـی نەگریـس نییـە...

..........

سـەحەر گوێـی بـە كانـی نەدابـوو و ئـەو نادیـارەش دیسـان دەسـتی نابـووە ناقـی و ئـازارە شـەوییەكانی لـێ ژیابـۆوە و هێنـدەی پەلەكوتـێ كردبـوو كـە دیسـان مانـدوو و شـەكەت، لـە باوەشـی هـەورادا خـەوی لـێ كەوتبـوو.

هـەورا لـە شـەكەتی و ماندوویـی، خەمگینتـر، هەناسـەیەكی هەڵكێشـا. دەسـتی لەژێر سـەری لابرد و دەنكـە دەنكـە ئـەو مـورووە سـەوزە بێنازانـەی چنییـەوە كە كانی كاتـی شـەڕەكە لـە ملی خۆیـی چڕیبـۆوە، پاشـان چـووە چێشـتخانەكە، بـەدوای تینوێتیـدا، یـان بـە دوای دەنگـی دەفتەرەكـەدا.

كـە سـفرە ڕازاوەكـەی بینـی، دەسـتی برسـێتی چنگـی لـە سـەر دڵـی گیركـرد. دەنكـێ دۆڵمـەی هەڵگـرت و بـردی بـۆ دەمـی. سـارد بـوو.. بیـری كەوتـەوە كـە دوێشـەو هیچیان نانیـان نەخواردووە، بـەڵام بیری نەكەوتـەوە كـەی و چۆن، كانـی لێرە جـێ هێشـتووە و ئەویـش دەفتەرەكـەی...

دەفتەرەكـەی خوێنـدەوە بـێ ئـەوەی بزانـێ ئەمـڕۆ هەینییـە، یـان یەكێكـە لـە شـەممەكان، بـەڵام دڵنیـا بـوو ڕۆژێكـی نەگریـس نییـە. وشـەی نەگریـس بـۆ مێشـكی ئـەم وەكـوو تـرس نامـۆ بـوو؛ بۆیـە وەكـوو سـەحەر قسـەكانی كانـی بـە گـەپ و گاڵتـە زانیبـوو.

كانی لە نامەیەكیتردا نووسیبووی:

**لێـت ناشـارمەوە دڵـی بردبـووم. هێشـتا قاقـای پێكەنینـە شـێتەكانی یادەكانـم ڕادەمووسـێت و ختووكـەی ئازارەكانـم دەدات... چركەیـەك بـوو لـە شـەوێكدا. ئـەو نووسـتبوو. كەسـێك هـات پـەردەی شـەوی لـێ لادام و مـن سـەیرێكی ژیانـم كـرد. چوومـە لای و دەسـتە تاسـەبارەكانم لـە ملـی ئاڵانـد. پەنجەكانـم سـەوز بوویـوون. هـەر بـەم دەسـتە لەرزۆكانـەی خـۆم خنكانـدم. بـڕوا ناكـەی؟ مـن هـەر ئـەو كچە بەسۆزەم كە وریام گـەر پەپوولەیـەك بكەوێتـە نـاو ئـاو، زوو ڕزگاری بكـەم (٣). تاوانكار نیم. دەزانم تەنیا تۆ شایانی ئـەوە بـووی مەرگـت بـۆ بمرێنـم.**

بە دەفتەرەكەشی وتبوو:

– ... دەزانم ئەمشـەو ئیتر تـەواوم دەكات، بەڵام نا.. نـا.. ئەمشـەو ئیتـر هیچ ناڵێـم. ناگریم. ئـازاری نادەم. هـاوار ناكـەم، تەنانـەت گـەر دەسـتیش بنێتـە ناقـم... ئـەی ئەگـەر جـێ داخەكانی لەشمی دی؟ ئـا.. دەڵێـم مەگـەر تـۆ حـەزت نەدەكـرد لـە كـەس نەچیـن؟ دەی با ئارایشـی تۆبووكەكەشـت جیـاواز بـێ.

– هەورااا ...

ئـەم هـاوارەی وەكـوو هاوارەكانیتـری بـوو/ نەبـوو.

دەفتەرەكـەی لـە دەسـت داكـەوت. كـە گەیشـتە لای، خەوتبـوو. گوێـی زرینگابـۆوە؟ نـا.. دەسـتی دیسـان لـە سـەر ملـی بـوو. دیسـان بـە تەقـەلاوە ویسـتبووی شـتێك لـە ملـی بكاتـەوە.

ویستی بانگی لـێ بكات.. ویستی دەسـتی بنێتـە سـەر دڵـی.. ویسـتی بـۆن بـە هەناسـەیەوە بكات... ویسـتی بـەڵام نەیوێـرا.

لە وەڵامدا بۆی نووسیبوو:

**نـە.. تـۆ دەسـتەكانت لاواز و لـەرزۆك نەبـوون. تـۆ شـەرافەتی ژیانـت دەناسـی. تـۆ ناسـكتر لـەوە بوویـت ئـەو بتوانـێ ڕاتمووسـێ. تـۆ دڵـت نەدابوویـێ. ئـەو بـە دزییـەوە دڵـی بردبـووی. تـۆ هاتبوویت بژیـت و بژیەنیـت. ئـەو دەسـت و پەنجـە**

**ناسکانەت ئافرێنەری ژیانێکی سەوزن. چەن نەترسانە مەرگت کوشت و دنیات سەوز کرد!**

...

– سەحەر تکات لێ دەکەم چیرۆکێکی تر...

ئەوجار بێگومان سەحەر قسەکەی پێ دەبڕێ و تووڕە دەبێ:

– تۆ واز لە من بێنە کانی! من ناتوانم وەک تۆ گوێ لەمشتی کارەکتەری ناو چیرۆکەکەم بم و ڕەوتی چیرۆکەکە بدەمە دەستی و لێی گەڕێم بە حەزی خۆی بۆ کوێ ویستی بچێ. بێ هیچ ناونیشان و ئاسەوارێک. ئەوسا ئەی من کێم؟ چ کارەم؟ ئەی وایش نەبێ، تۆ چۆن ناحەزەکانی ئەوت بۆ دەربکەوێ؟ خۆ خۆت وتت.

....

دەنگی لایەلایەکەی پچڕابوو. ویستی هاوار بکات: کانی گیان هاتمەوە! کەچی بەس وتی کانی.. دەنگیشی دەرنەهات. ئاخر ڕۆحی نەمابوو. کۆتایی دوو چیرۆکی (کانی)ش مەرگی هەردوو دڵدارەکە بوو. وتبووی: «بە دەستی من نییە. دەمرن بۆ ئەوەی بە جووت بژین.»، بەڵام قەت دڵی نەهاتبوو ناوی پیاوی چیرۆکەکانی بنێ «هەورا».

ویستی کۆتایی بە ژیانی بێنێ، بڕیاری هەردووکیان بوو...

**ئەو پەنجە ناسکانەت نەرمترین پەڕەمووچی دەستی نیگارکێشتن کە نوقمەساتی مەرگیان سڕییەوە و هەموو دەلاقەکانیان سەوز کرد. دەست .. ئای.. دە..س.. دەستی تۆ.. کانی**

**هەر لە چەپەوە، پەنجەی دووەمی دەستی چەپی کانی جووڵا. ڕۆحی هاتەوە بەری. زانی کە کانی ڕێگای نادا.**

***

– سەحەر بۆچی (کانی)ت مراند؟

– شیرینیش زۆری پێ ناخۆش بوو. دەتگوت بە درێژایی چیرۆکێک لەگەڵی ژیاوە. وامدەزانی تێ ناگات، بۆیە نەموت: «من نەبووم...» ئازەر وتی: پێنج ڕۆژ پاش ئەوەی تەلەفۆنی بۆ کردی، مرد. لە تەلەفۆنەکەدا وتی ئەو چیرۆکە شڵەژاندوویەتی. وتی «دەبوو وەکوو دوو چیرۆکەکەی خۆی تەواوت بکردایە». پێش ئەوەی من بڵێم ئاخر ئەو قەت دڵی نەهاتبوو ناوی پیاوی چیرۆکەکانی بنێ هەورا، تەلەفۆنەکە بڕا.

– سەحەر ئەی هەورا؟ بۆ ڕوونت نەکردۆتەوە کە چی بە سەر هات؟

– لە بەر ئەو هەڕەشانە نەموێرا بینووسم، بەڵام ڕوونە، ئەو هەورایە بە نامەکانیدا دیارە، بە بێ کانی ساتێکیش هەڵی نەکردووە.

سەحەر هەروا قسە تاڵ بوو.

***

– دوایی کە بە کۆچی هاوڕێ نووسەرەکەم بە بێدەنگی کۆستم کەوتبوو، دایکی وتی: هەر ئەو ڕۆژە دوای تۆ، تاوولەرز دایگرت و ئەم پێنج ڕۆژە وڕاوەی کرد. چووزانم تاوێ داوای لێبوردنی دەکرد.. تاوێ تووڕە دەبوو.. تاوێ دەپاڕایەوە و دەیوت مەهێڵن بمخنکێنێ... چووزانم ڕۆڵە، کچەکەم شێت بووبوو.

مەرگی سەحەر، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم کە من و هەورای بە یەک ناساندبوو و وتبووی: «ئێوە بۆ هەوێنی شیعرەکانی خۆتان و چیرۆکێکی بێکۆتایی و ژیانێکی هاوبەش باشن»، ئەویشی گەلێک زویر کرد. هیچ باسی ئەو بەسەرهاتەی مردنی ئەو و شیرین و چیرۆکەکەم بۆ نەکردووە و ئەمە یەکەم جارە شتێکی لێ دەشارمەوە.

دوێنێ بۆ ماڵ دەگەڕاین. ئەو کۆڵانە ماڵێکی لێ بوو نە کەس دەیکڕی و نە کەس بە کرێی

دەگرت. دەیانوت پیاوێک لەو ماڵەدا پێنج ڕۆژ دوای زەماوەندەکەی، ژنەکەی کوشتووە و هەڵاتووە و ئیتر کەس نەیبینیوەتەوە.

من سێبەرێکی شوومیشم بەسەر ئەو ماڵەوە دەدی کە هەردەم خەریک بوو بەسەر ماڵەکەدا بڕووخێت. سێبەرێکی یەکجار گەورە و ڕەش، لە سێبەری گەورەترین جگەرەی دنیا دەچوو. پێم نەوت، چونکە دڵنیا بووم ئەویش وەک سەحەر بە وەهمی دەزانێ.

... ئەو تەنیا ئەو ماڵەی بەدڵ بوو. ئەوە بیانوویەکی باش بوو لە خۆمی دوور خەمەوە.. ویستم ئەنگوستیلەکەشی پێ بدەمەوە، کەچی پەنجەم ئاوسابوو.

من لە ناخی کانییەکەی ناو چیرۆکەکەی سەحەرەوە هاتووم و دەزانم هەر ئەوەی کە دەستی ناوەتە ناقی من، ئەوی کوشت و ئەویش شیرین و سەحەری کوشت، لەبەر ئەوەی بیریان لە نەمانی هەورا کردبۆوە و هەر ئەویش پێی وتووم: هەر نەبمە بووکی ژوورەکەی و وابزانێ ئەم چەند ساڵە درۆم لەگەڵ کردووە، باشترە لەوەی خەفەت بۆ بێسرەوتی شەوانە و لەشی زامدارم بخوات و دوایی هەر لەبەرچاوی خۆیدا، لەتاو ئەم ماخولیایەی لە عەشق و دووریی ئەو تووشی بووم، بخنکێم. ئەویش بە دوای ئەو پرسیارەدا ون ببێت.. پاشان لە سەر کۆتایی ئەم چیرۆکە، ڕۆحە سەرگەردانەکەم، سەحەر و شیرین بخنکێنێ و چیرۆکێک بێوچان بە تۆڵەوە بنووسرێتەوە...

ئەمشەو.. هەر ئەمشەو.. دەمزانی ئاخری ئەم نەخۆشییە دەمکوژێت و دوایی خەڵکی دەڵێن: کچێک دەسگیرانەکەی بە دڵ نەبوو و پێنج ڕۆژ بەر لە زەماوەندەکەی خۆی کوشت، بەڵام خۆزگە پێش ئەوەی تەواو بمخنکێنێ، فریا بکەوم بڵێم:

**ئە.. ئەگەر.. حەز.. حەز ناکەن جوانەمەرگە بن.. با.. بار.. بارسایی ئەوی.. ئەوینەکەتان ب.. بە پا.. نتا.. یی.. دڵ.. دڵتان بێت...**

***

- جا بەچی دیارە دوای ئەو کێشانە هەورا بڕوای بەو بیانووە درۆیە کردبێت و کانی لەبیر کردبێت؟ کێ دەزانێ هەورا چی بەسەرهات؟ ئەو هەورایەی کە ساتێکیش بەبێ کانی هەڵی...

ئا.. ئاخ.. خۆزگە قەت.. بەڵام خۆزگە فریا بکەوم بڵێم ئەگەر حەز ناکەن جوانەمەرگ بن.. قەت ئەم چیرۆکە مەخوێننەوە...

(ئەمە لەناو یاداشتەکانی خوێنەرێکدا پاش مردنی دۆزرایەوە و ئەگەر منیش باسی بکەم، ئەم چیرۆکە بێکۆتاییە، تەواو نابێت و تا دێت بە تۆڵەوە دەنووسرێتەوە، تکایە مەیخوێننەوە.)

**پەراوێز:**

**١- ئەو ڕستە و پەرەگرافانەی (بۆڵد) کراون، گەڕانەوەن بۆ نامەکانی نێوان کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە (هەورا و کانی).**

**٢- لە گوتەیەکی دوکتۆر عەلی شەریعەتی وەرگیراوە.**

**٣- لە کۆپلەیەک لە قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو)ی سوهراب سپێهری وەرگیراوە.**

**تاران- ٢٠٠٣**

## زمان و داڕشت

چیرۆکی شەوێک بەر لە سبەی، نووسینی شادی نیکخا هەر لە ناوی چیرۆکەکەوە نائاسایی و لە باو دەرچووە، خوێنەر بە دەسپێکردنی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، ئیتر چاوەڕوانی چیرۆکێکی ئاسایی نییە کە لە سەر هەموو بنەمایەکی دیاریکراوی کلاسیکی چیرۆک، بیخوێنێتەوە.

ئەمشەو ناوێکی ئاسایی و باوە بۆ ئەم چیرۆکە و نووسەر ئەوەی تێک و مەکان داوە.

دەسپێکی چیرۆکەکە (دێڕی سەرەتا) بە ڕەنگ و سەمبۆل و دۆخ و کەشێکی دەرهەست (ئابستراک)، خۆ دەردەخات.

نارنجی، پرتەقاڵ و لیمۆ شیرین، ڕەنگاڵەیی کردنی کاتە. نارنجی بۆ کاتی ئێوارە، پرتەقاڵ بۆ وەرزی وەسڵ (وەرزی پرتەقاڵ و هاتنی لیمۆ شیرین). کە لە کۆتایی ڕستەکەدا (تامی وەسڵ دەدات) ماناکە تۆکمە دەکات و وەک یەکێک لە ڕێساکانی کورتەچیرۆک زۆر خێرا خوێنەر دەباتە ناو دۆخی سەرەکییەوە و دەیەوێ بۆ بەرەورووبوونەوەی ڕووداوەکان ئامادەی بکات. نارنجی کە بووەتە ڕەنگێک بۆ ئێوارە لەم چیرۆکەدا، ئەو ڕەنگەیە کە دەسپێکە بۆ کۆتایی ئەو دۆخە ناخۆشەی ڕابوردوو (پێش وەسڵ) و بەکاڵبوونەوەی ئەو تەنیاییە دەگەیەنێتە کۆتایی و وەرزی پرتەقاڵ دەست پێ دەکات، کە لە سروشتدا کۆتایی پاییز و سەرەتای زستانە، دەکرێ ئاماژە بێت بۆ دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیان، واتە هەمان پێکگەیشتن و وەسڵ.

داڕشتنی ڕستەکان لەم چیرۆکەدا ئاسایی نین، واتە ڕستەی نووسراوی باوی ناو دەقێک نین کە بەتەواوی پێبەندی ڕێسای داڕشتنی چوارچێوەداری ڕێزمانی بن، بە واتایەکی تر، گەمە بە زمان دەکرێت، یان دەکرێ بوترێ هەم زمانێکی شاعیرانە بەکار دێنێت، هەم خەریکە بە جۆرێک گەمەکە قووڵ دەکاتەوە کە وزەیەکی زۆر بە زمانەکەی دەبەخشێت. وشەکان بە وزەیەکی زۆرەوە ئامادەبوونیان لە ڕستەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی بە بارستاییەکی کەمەوە، دەرەقەتی مانا و دەربڕینەکان بێن. بە وتەیەکی تر کەمترین وشە بۆ بەرینترین و قووڵترین ناوەرۆک، وەک وترا زمانێکی شاعیرانە، بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک کە نایەوێ هەموو شتەکان وەک باو تێپەڕێنێت.

ئەم چیرۆکە لە ڕووی داڕشتن و پێکهاتەوە، دیسان نائاساییە و تێیدا سێ چیرۆک بەتەواوی لێک ئالاون، نووسەر ویستوویەتی بە شێوەی ڕواڵەتیش، ئاڵۆزیی بەرمەبەست نیشان بدات و ئەو ئاڵۆزییە دەروونییەی کە ویستوویەتی، بە هۆی زمان و وشە و شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە بخاتەڕوو، لە ڕواڵەتی چیرۆکەکەشدا هەبێت و بەم شێوەیە هاوسەنگی و هاوئاهەنگییەک لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا بەدی بێنێت.

یەکەم ڕوانین بۆ ئەم چیرۆکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نووسەر ویستوویەتی پێش هەموو شتێک، خوێنەر بەرەو جیهانی دەرەوە و بەرەو سروشت پەلکێش بکات، هەرچەندە کە بەتەواوی باسەکە لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤە. ئەم بابەتەش نیشانەی ئەوەیە کە ویستوویەتی تەنانەت بە فۆرم و شێوەی نووسینەکەشی، بە خوێنەر بڵێت: دەمەوێ لەم کەش و دۆخەی لێی نارازیم، دەرباز بم و تۆش دەرباز بکەم، یان ئەوەی کە دۆخی دەروونیی مرۆڤ، کارتێکراوی سروشتە و باش و خراپ، سروشت ڕەنگدانەوەی لە ژیان و خواست و حەزەکانی مرۆڤدا هەیە.

بە ئیماژ و تەکنیکی ئەدەبیی جۆراوجۆر و بە سوودوەرگرتن لە ڕەنگ و تام و خەیاڵ، خوێنەر سەرقاڵ، تەنانەت گێژ دەکات و دەستی دەگرێت بۆ ناو ڕووداوێک کە خێرا و لە سەرەتای چیرۆکەکەوە خەریکە ڕوو دەدات، بەڵام ئەو خێراییە لە هاتنی ڕووداوەکاندا، جگە لە توێژێکی ناسک و تووڵەڕێیەک بۆ چوونەپێشەوەی خوێنەر، ناخاتە ڕوو و خێرا مەبەستەکە ئاشکرا

ناکات.

زمان لەم چیرۆکەدا زمانێکی بەهێز و تەندروستە، بەشێوەیەک کە دەرەقەتی دەربڕین و ناوەڕۆک هاتووە و ئەو کەش و دۆخە ئاڵۆزەی کە لە چیرۆکەکەدا خوڵقاوە، بەهۆی زمانە قایم و هێزمەندەکەیەوە بەتەواوی وەک تابلۆیەکی زوڵاڵ نیشان دراوە.

دوای دوو دێڕی سەرەتا، چیرۆک زمانێکی دیکە بە خۆوە دەبینێت: مۆنۆلۆگ، یان تاکبێژی، خۆ دەردەخات، بگێڕەوە لەگەڵ خۆیدا دەست دەکات بە قسە کردن. بە جۆرێک گەڕانەوە (فلاش بەک)ـە. ئەم فلاش بەکانە بەدەرن لە کات و شوێن و باری شیعری و ئیماژییەکەی لە بەشەکانی دیکە، واتە گێڕانەوە سەرەکییەکان، جیایە. شێوەی نووسین و داڕشتنەکە خلیسکانێک دروست دەکات کە خوێنەر بەسەر زەماندا باز دەبات، شوێنیش نادیارە، فەزاکە بڕێک وەسفکردن و زانیاریگەیاندنە، لەو حاڵەتە دەروونی و ڕۆحییانەی کە نووسەری چیرۆکەکە لە زمانی بگێڕەوەی سەرەکییەوە دەری دەبڕێت و ڕەوتێکی خلیسک (سەیالی زهن) دروست دەکات. لە دەقەکەشدا هەرچی لەم شێوە دەربڕینەیە، بە فۆنتێکی جیاواز نووسراوە، ئەمە یەکەم بەش لەم شێوازەیە کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

**«ئێوارەکان دەیانویست بشکێنەوە بە سەرمدا. ئێوارەکانی ڕەش، ئێوارەکانی سەراب. ئێوارەکانی قورقوشمین، چ گەمژەییانە دەهاتن و دەپاڕانەوە کە داگیرم کەن و ... تاد»**

زمان لێرەدا وەک داڕشتن تەواو شاعیرانە، خەیاڵاوی، دەرهەست و لە هەمان کاتدا وێنەگەرایانە (ئیماژیستیانە)یە.

### دۆخ و کەش(فەزا)

بەگشتی دۆخ و کەشی چیرۆکەکە سێ کەشی جیاواز نیشانی خوێنەر دەدات:

**یەکەم:** ڕابوردووی ناخۆشی ناو بنەماڵە و کۆمەڵگە کە بە دابونەریت و جۆری پەروەردەی ناتەواو بەرەوڕووی هەموو خواستێکی ئافرەت بووەتەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو شتێکی بووە.

**دووەم:** ترس و دڵەڕاوکەی نەخوازراوە بە هۆی خواستی پەڕینەوە لە ڕابوردووەوە بۆ داهاتووی مەبەست.

**سێیەم:** ئەو دۆخە خوازراوەیە کە دۆخی ڕابوردوو و ئێستا نییە، داهاتووە، نادیارە، وێنەی زەینیی کەسایەتیی بگێڕەوەیە و وەکوو ئاواتیش هیوای وایە پێی بگات، بەڵام لەو دۆخەش دیسان دڵنیا نییە. سێبەرە، (گری سێبەرێکە) کە دەگاتە ماڵەکەیان. دڕدۆنگی و دڵەڕاوکە لە هەردوو کەش و هەردوو دنیا جیاوازەکەدا، بۆ ئەم کەسایەتییە هاتووەتە ئاراوە و نائارامی و نائاسوودەییەکی قووڵ لە ناخ و هەناویدا بەدی دەکرێت. لەم سێ جۆرە دۆخ و فەزایەدا، چیرۆکەکە بابەتێکی زۆر گرینگ دەخاتە بەر چاو، کە ڕەنگە بکرێت بوترێ هەموو دۆخ و فەزاکەی بەتەواوی داگرتووە و نووسەر تا بۆی کرابێت، بە هەر بیانوویەک بووە، بابەت و ڕووداوەکانی پێوە گرێ دەدات کە ئەویش، ئەوین و خۆشەویستییە. ئەم ئەوین و خۆشەویستییە لە درێژەی چیرۆکەکەدا گۆڕانکاریی زۆر بە خۆوە دەبینێت و بەرز و نزمی، دێتە ڕێگایەوە.

### کەسایەتیی بە ئاگا و هەوڵی چالاکانە

کەسایەتیی بگێڕەوە (کانی/ ئافرەتی کورد) گەیشتووەتە قۆناغێک کە بڕێک زانیاریی لە خۆی و دەوروبەری و ڕوانینی کۆمەڵگە و زۆر شتی دیکە دەست خستووە و پێناسەیەکی

خۆی کردووە، کەسایەتییەکە بوێرە و نەک هەر خوازیاری گۆڕانکارییە، بەڵکوو بەکردەوەش هەوڵ و قوربانی بۆ دەدات. ئاگاداری ئەوەیە شتێک کە مەبەست و ئامانجیەتی و دەیەوێ دەستی بخات، قوربانیی دەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە بڕوای وایە، چونکە لە کۆمەڵگەدا بە تەنیا ناژی و هاوژیانی مرۆڤێکی دیکەیە بە ناوی پیاو، بۆ هەر گۆڕانکارییەک دەیەوێ چاوێکی لەویش بێت و یارمەتیی لێ وەربگرێت، ئەمەش لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا کە باسی «هەورا» دێتە پێش لەگەڵ دەربڕینی خۆشەویستیدا بۆ هەورا، چاوەڕوانی یارمەتییەکەش دەبێت.

چیرۆکەکە بە هەموو شێوەیەک لە ناو کەشێکی دەروونیدا خول دەخوات کە تەنگی بە کارەکتەرەکان هەڵچنیوە، تەنانەت خوێنەریش قورساییەک بە سەر سنگی خۆیەوە هەست پێ دەکات. کەش و فەزاکە ئەوەندە قورس و پەنگ خواردووە کە تووشی هەناسەتەنگی دەبێت.

ئەو قورساییە لە لایەک باری نالەباری کۆمەڵگەیە و ئەو شێوە ڕوانینەی ناو کۆمەڵگەیە بۆ ئافرەت، ئەو تەنگوچەڵەمەی کە دابونەریت کردوویەتییە ملی و ڕزگاربوون دژوار و ئەستەم دەکاتەوە. لەلایەکیش خۆشەویستییە بۆ خۆشەویستەکەی. ئەو خۆشەویستییەی کە دەکرێ بوترێ لە پاشخانێکی سۆفیانە و عارفانەی ڕۆژهەڵاتی هەڵقوڵیوە و بە هەمان پێناسە دێتە ناو تابلۆ و دیمەن و بەشە جیاجیاکانی چیرۆکەکەوە. بە هەمان تایبەتمەندییەکانی و بە هەمان شێوە دەرکەوتن، قوربانیدان و ئازارچێشتن. ئەوینێکی سووتێنەر و خنکێنەر کە لە مێژووی ڕوژهەڵاتدا بەردەوام ئامادەبوونی هەیە، تەنانەت دەبێتە هۆی (سووتانی پەپوولە بە دەوری مۆم و چریکە و هاواری بلبل بە دەوری گوڵدا) وەک لە ئەدەبیات و فۆلکلۆردا ڕەنگی داوەتەوە، جگە لە بارە دەروونییەکەش، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە بەربەست، بۆیە لەوێشدا دیسان گرفتی دیکە بۆ ئافرەت دروست دەبێ.

## کەسایەتییەکان و جۆری گێڕانەوە

کانی لە سێ شوێن و بە سێ کەسایەتیی جیاوازەوە دەردەکەوێت: کانیی بگێڕەوە، کانیی تازەبووک، کانیی ناو چیرۆکەکەی سەحەر. کەسایەتییەکانی دیکە هەورا، سەحەر و شیرین. ئەو کەسایەتییانەی دیکە کە دەورێکی کەمتریان وەک ئامادەبوون هەیە. ئازەر و دایکی سەحەر و دواتر دوو کەسایەتی کە مێژوویەک لە ڕابوردوو دروست دەکەن و بە جۆرێ لە جۆرەکان لە (هەورا)دا، دواتر هەر دەمێننەوە و درێژ دەبنەوە بۆ ناو ژیانی کانی و لەوانەشە بتوانرێ بگوترێ بۆ ناو تەواوی ئەو ژیانەی کە چیرۆکەکە باسی دەکات، واتە باوک و پشتیوانی برا.

سەبارەت بە کەسایەتییەکان، ڕەنگە بکرێت بوترێ کەسایەتییەک کە ببێتە تەوەر و خوێنەر لە سەری چڕ بێتەوە، لە چیرۆکەکەدا بە شێوە باو و کلاسیکییەکەی پەروەردە نەکراوە و نیشانی خوێنەر نادرێت. تاکگەرێتییەک بە کەسەکانەوە دیارە، هەر کەسایەتییەک بۆ خۆی شوناسێکی تایبەت و جیاکراوەی هەیە و تایبەتمەندی خۆی پێوە دیارە و پاشکۆی هیچ کەسایەتییەکی دیکە نییە. لەوەش بەدەر هەرکامەیان بە ڕادەی پێویست بە ئامادەبوون و دەورگێڕانیان دەوریان پێ دراوە و کەس بەشێوەی ناپێویست گەورە، یان بچووک نەکراوەتەوە.

ئەم تایبەتمەندییانەی تا ئێرە باس کران، ئەوە ڕوون دەکەنەوە ئەم چیرۆکە وەک شێوەی گێڕانەوە و وەک کەشی ناو چیرۆکەکەش دۆخ و فەزایەکی مودێرنە، هەرچەندە کە خودی

نووسـەر هـەم وەک بگێـڕەوە و هـەم وەک نووسـەری چیرۆکـی نـاو چیرۆکەکـە و هـەم وەک تازەبووکەکـە دەردەکەوێـت و ئـەم شـێوە گێڕانەوەیـە کـە وەسـتان و سـەرهەڵدانە بەرانبـەر ئـەو تاکگەرێتییـەی لـە چیرۆکـی مودێرنـدا باسـی دەکرێـت، خەریکـە دەقەکـە بـەرەو سـنووری پۆسـت مودێـرن پـاڵ پێـوە دەنێـت. باشـتر وایـە بڵێـم پاڵـەوان بـۆ ئـەم چیرۆکـە دروسـت نەکراوە، بۆیـە لـەم سـۆنگەوە دەکـرێ بوتـرێ چیرۆکەکـە سەرێکیشـی بـە چیرۆکێکـی پۆسـت مودێرنـەوە گـرێ دراوە.

## شێوازی گێڕانەوە

نووسـەری ئـەم چیرۆکـە نەیویسـتووە دەقێـک بخاتـە بەردەسـت کـە ڕووت و ڕێـک ئامانـج و مەبەسـتەکان بگەیەنێتـە بەرانبـەر و لـە سـەر ڕاسـتە هێڵێکـی گێڕانەوەیـی بەبـێ بـەرز و نزمـی و هـەوراز و نشـێوی ڕواڵـەت و نـاوەڕۆک بچێتـە پێشـەوە. بەدیهێنـان و ئەفراندنـی کەسـایەتی چەنـد لایـەن و فرەڕەهەنـد و نائاسـایی کانـی، کـە هـەم لـە ڕووی جـۆری پـەروەردەی کەسـایەتی و داڕشـتنی دەقـەوە کارێکـی ئاسـان نییـە و هـەم بارێکـی واتایـی قـورس و قایـم بـە دەقەکـە دەبەخشـێت، بـە خوێنـەر نیشـان دەدات، ئەمـەش ئـەو ئاڵـۆزی و لایەنـە حەشـاردراوە دروسـت دەکات کـە چیرۆکنووسـی زیـرەک و مەبەسـتدار وەکوو لایەنێکـی ئەرێنـی لـە چیرۆکەکەیدا بـەکاری دێنێـت، ڕاسـتە کەسـی یەکەم بگێڕەرەوەیـە و هەمـوو ڕووداوەکان لـە گۆشـەنیگای ئـەوەوە بـاس دەکرێن و دەبینرێن، بـەڵام بەکردەوە کەسـایەتییەکانی دیکـەش دەنگیان دیـارە و ڕێگەیان پێـدراوە دەرکـەون، بگێـڕەرەوە وەکـوو چیرۆکێکـی بـاو هەمـوو شـتەکان بـۆ خـۆی قـۆرغ نـاکات و زۆر جـار دەبینیـن سـەحەر کـە لـەم چیرۆکەدا نووسـەری چیرۆکێکـی دیکەیـە، سـەربەخۆ دەچێتـە پێشـەوە و نووسـەری ئـەم چیرۆکـە، یـان بگێـڕەرەوە، دەسـتەو دامێنـی دەبێـت کـە چیرۆکێکـی دیکـە بنووسـێت و واز لـە نووسـینی ئـەو چیرۆکـەی بەدەسـتییەوەیە بێنیـت، دیسـان ئەمـەش نیشـانەیەکی دیکەیـە بـۆ لەشـێوەی بـاو دەرچوونـی گێڕانـەوە.

وەک ئامـاژەی پـێ کـرا، چیرۆکەکـە بـاری دەروونیی تـاک لـە نـاو کۆمەڵگـەدا دەخاتـە بەرچـاو، نـەک بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، بەڵکـوو بەشـێوەیەک کـە لـە نـاو ڕووداوەکان و بەسـەرهاتەکاندا و لـە شـێوە گێڕانەوەیەکـی تایبەتـدا دەکەوێتە باسـکردن لە لایەنی دەروونیـی کەسـایەتییەکان، کـە هەڵبـەت لێـرەدا دۆخ و کـەش و فـەزای زاڵ بـە سـەر چیرۆکەکـەدا دەبێتـە تـەوەر و کەشـی چیرۆکەکـە کـە کەسـایەتییەکان لـە نـاو خۆیـدا جـێ دەکاتـەوە و پەلکێشـیان دەکات بـۆ خولقاندنـی کـردار و ئەزمـوون و ڕووداوەکان. چیرۆکەکـە دەکەوێتـە دۆخـی دروسـتکردنی کـەش و فـەزاوە و هەمـوو ڕووداو و کەسـایەتی و ئەزموونـەکان لـەو کـەش و دۆخـەدا، شوناسـی خۆیـان دەدۆزنـەوە و گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت.

## لایەنی بەرناس و ناسکار لە دەقدا

گوتارێکـی ئەپیسـتمیانە و بوونناسـانە هاوکات حەز و ئـاوات و ئەوینێکـی عاریفانـە و کلاسـیکی ڕۆژهەڵاتییانـە دێتـە ئـاراوە کـە لـە چوارچێوەیەکـی دەروونشـیکارانەدا دەچێتـە پێشـەوە و لـە ڕەوتـی سـەرەکیی چیرۆکەکـەدا بڕێـک لـە حەزەکانـی مرۆڤـی بەرمەبەسـت و ئۆبـژە و لە هەمـان کاتـدا سـوبژەمان بـۆ دەخاتـەڕوو. ئۆبـژە بـەو مانایـەی کـە (کانـی) لـە هەرسـێ حاڵەتـی بگێـڕەوە، تۆبووکەکـە و کەسـایەتیی نـاو چیرۆکەکـەی سـەحەردا (چیرۆکـی نـاو چیرۆکـە سـەرەکییەکە) بەرناسـە و لایەنەکانـی ژیانـی و بەسـەرهاتەکانی دەخرێنـە بـەر بـاس و سـوبژە، بـەو مانایـەی لـە حاڵەتـی خوێنـەری

چیرۆکەکەدا کە لێرەدا وەک تۆبووکەکە دەردەکەوت، دەیەوێ ناسکار بێت و ڕووداوەکان بخوێنێتەوە و وەک بگێڕەوە بۆ بەردەنگەکانی باسیان بکات.

بەڵام لە حاڵەتە دەروونناسانەکەیدا، وەک کارڵ گۆستاف یۆنگ (١٨٧٥- ١٩٦١ز) ی دەروونناسی سویسی دەڵێت، هەر سێ حاڵەتی دەروونیی کەوناری، خۆڕسک (فیتری) و ناخۆوریای تێدا دەردەکەوێت کە هەرسێی ئەم حاڵەتانە لە بیچمدان بە چیرۆکەکەدا کاریگەرن و لە بڕێ حاڵەتدا، حاڵەتە ناخۆوریاکە لەبەر هەست بە تەنیایی کردنی کانی (وەک تاکێکی کۆمەڵگە هەڵبەت وەک ئافرەت) زیاتر خۆدەردەخەن و بە فلاشبەکەکان ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە.

هەروەها ویلهلم لایبنتز، فردریک هێربارت، زیگمۆند فرۆید و فێخنەر لەو کەسانەن کە باسی زۆریان لەسەر ناخۆوریا کردووە و بڕوایان وایە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە. لەم چیرۆکەشدا ئەو بەشەی ناخۆوریای کەسایەتییەکە دەکەوێتەوە کار و بە فلاشبەکەکان ورد دەچێتەوە بەسەر ڕووداوەکانی ڕابوردوودا، تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و تەنیا بە ڕووداوسازی دەکەوێتە شیکاریی کومەڵگە، هەڵبەت ئەوەندەی کە لە توانایی چیرۆکێکی کورتی لەم جۆرەدا بێت. بۆ نموونە لەوێدا کە دەڵێت:

«کانی» دەڵێ: زۆر لەمێژە، پێش ئەوەی شووی پێ بکات، بگرە پێش ئەوەی دایکی شوو بکات، لەوانەیە ئەو کاتەش کە نەیانهێشت باوکی کچە ڕەعیەتەکەی دراوسێیان بخوازێ، ئەم سێبەرەی بینیوە. زۆری پێ وتووە: گڕی ئەم سێبەرە ئاخری دەگاتە ماڵەکەمان.

ئەمە باسێکە لەو ئازارە دەروونییەی کە لە ناخۆوریای کومەڵدا خۆی جێ کردووەتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی ئەو لەدایک بێت و پێش ئەوەی باوکیشی ژن بێنێت. ئەم ئازارە لەپڕ لە کاتێکدا ئەم (کانی) دەیەوێ مێرد بکات، سەر هەڵدەدات و وەک حوکمێکی ناو کۆمەڵ زیندوو دەبێتەوە و ڕێگە بەم دەگرێت، ئەمە جیا لەوەی لە ناخیدا وەکوو کۆنەزامێکی ناخۆوریای کۆمەڵ دەردەکەوێت وەکوو بابەتێکی کۆمەڵناسانەش سەیری دەکرێت، تەنانەت کۆمەڵگەی کوردی دەخاتەڕوو، کە بڕوای بە چین و پلەی کۆمەڵایەتی بووە و کێشەی هەبووە بۆ ئەوەی پیاوێک لە چینێکی سەرەوە کە دیارە خۆی ڕەعیەت نەبووە، کچەڕەعیەتێک بێنێت، بۆیە لە ناخۆوریای باوکەوە سەری هەڵداوە و لێرەدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە، ئەو باوکەی ناو کۆمەڵ، هەمان بەڵا بەسەر کچەکەی خۆیدا دێنێت، واتە حەزەکەی دەکوژێت و دەیەوێ لە بەرانبەر دەستەبەربوونیدا ڕێگر بێت، جا لێرەدا نووسەری چیرۆکەکە بە زیرەکییەکی تەواو و تەنیا بە هێنانەوەی فرمانی (نەیانهێشت) لە ڕستەی (نەیانهێشت باوکی کچە ڕەعیەتەکەی دراوسێیان بخوازێ)، ئەو ستەم و گوشارە دەخاتە ڕوو کە لە باوکی وەکوو پیاوێک کراوە. ئەم ڕستەیە نیشاندەری ئەوەیە چیرۆکنووس بە پێچەوانەی ئەوەی ئێستا لە ناو کۆمەڵدا باوە، شوێنی بڕێک بۆچوون ناکەوێت و خۆی نادات بە دەستی دۆخی حازرەوە و ڕایدەگەیەنێت کە لەم کۆمەڵگەیەدا، ستەم تەنیا لە ئافرەت ناکرێت، بەڵکوو پیاویش بەر ستەم کەوتەیە و ئەگەر بمانەوێ ژیانێکی ساغڵەممان هەبێت، دەبێ هەردوو ڕەگەز ژن و پیاو لەو ستەمە ڕزگار بن.

چیرۆکەکە لە بەشێکیدا دەڵێت:

پێدەچوو باوکی و پشتیوانی برای، هەر بە هەمان تاوانە بچکۆلەکە وایان لێ کردبێ، گەرچی زامەکانی لە جێ داغی جگەرەش دەچوون.

ئەو تاوانە بچکۆلە کە حەز لێکردن و خۆشەویستییە و لە ناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کوردیدا هێشتا بە تاوان دەزانرێت.

دیسان لە بواری دەروونناسییەوە دێتەوە سەر ئەو باسەی یۆنگ کە ناخۆوریای مرۆڤ دەکات بە دوو بەشی ڕووکار و قووڵاییەوە، بەشی ڕووکار وەکوو مرۆڤدۆستی و حەزکردنە لە جوانی و توێژە قووڵەکەی بریتییە لە ناخۆوریای بەکۆمەڵی مرۆڤ، ناخۆوریای بەکۆمەڵ، بە بڕوای یۆنگ کە پێی دەڵێت کۆنە سەرچەشنەکان وەکوو هەیەجان و وێنە زەینییەکان لە مرۆڤدا سەر هەڵ دەدەن و وادەکەن کە بڕێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی بەرانبەر لای مرۆڤ ڕاکێشەر بێت و ڕەگەزە بەرانبەرەکان لێک نزیک بکاتەوە. ئەم توێژە لە کەسایەتیی چیرۆکەکەدا کە (کانی) یە، بۆ هەورا خۆ دەردەخات، بەڵام لێرەدا ئیتر وەکوو شیکارێکی دەروونی نییە، بەڵکوو وەکوو عەشقێکی ڕۆژهەڵاتییە کە تەنانەت بە واتا ئایینییەکەی خۆ دەردەخات و دەگاتە ئەو پلە عیرفانییەی کە فەنابوونی تێدایە.

بەڵام ڕاستییەکەی فەنابوون و حاڵەتە عیرفانییەکە تا کاتێک بەردەوامە کە لە ئاوێنەکەدا وێنەی هەردووکیان دەبینن. ئەم دیمەنە جگە لەوەی کەشێکی بینەرایی و دیداری دروست دەکات و وەک فۆرمی داڕشتن، یارمەتییەکی زۆر دەدات بە دەقەکە بۆ ئەوەی مەبەستەکەی ناڕاستەوخۆ بگەیەنێتە بەردەنگ، پەلکێشی دۆخەکەشی دەکات، لە دۆخێکی کۆنی کەوناری و سوننەتییەوە بەرەو دۆخێکی مودێرن و لە عەشقێکی ئاسمانیی خەیاڵییەوە بەرەو دۆخێکی زەوینی بەتەواوی بەرهەست و دیار، ئەویش گەیشتنی دوو خۆشەویستەکەیە بە یەک، بە هۆی جەستەوە، تەنانەت ڕوودانی سێکسە، واتە ئەوین دەگاتە ئەو ڕاستییەی خۆی کە چیتر وەکوو بۆچوونێکی داخراوی کەوناری ناچێتە چوارچێوەیەکی بڤە و عەیبەوە و بە ئاشکرا باسی لێ دەکرێت.

ئەم دیمەنە خۆدەربازکردنی تەواوە لە بیروبۆچوونی کۆن و ئەو کارەشی بەو جۆرە کردووە کە توانیویەتی زەبرێکی قورس لە ترادیسیون و دابی کۆمەڵگە بدات، بەڵام بە شێوەیەکی خزۆک و زۆر ئارام کە خوێنەری زیرەک دەتوانێت پێی بزانێت. خاڵە ئەرێنییەکەشی لەوێدایە نایەت هەڵوێست وەربگرێت و مەسەلەکە بکاتە دروشمێکی فێمینیستی کە لەم ڕۆژانەدا بەزۆری لە ناو چیرۆکی زۆر چیرۆکنووسی دیکەدا دەیبینین.

## نیو نیگایەک بەرەو کۆمەڵگەی کوردەواری

نووسەری چیرۆکی شەوێک بەر لە سبەی بە شێوەیەکی شارەزایانە کەش و دۆخی زاڵ بەسەر ئێستەی کوردستاندا دەخاتەڕوو، دۆخێک کە لەلایەکەوە بە هۆی گۆڕانکاریی جیهانی و پەرەسەندنی ڕاگەیاندن و بەدیهاتنی چینێکی تایبەت لە خوێنەواران و خوێندکارانەوە بیرێکی نوێخوازی و سەرەتای دەستپێکردنی مودێرنیتە تاقی دەکاتەوە، و لەلایەکی دیکەوە هێشتا دەسەڵاتی دابونەریت و ترادیسیۆنی کۆن بڕیاری یەکەمی پێیە و ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوە، یان ئەم دوو جۆرە بارودۆخەی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. لەلایەکەوە دەڵێت: تەنیا ئەوە کە شیاوی ئەوەی مردنی بۆ بخنکێنم، یانێ بیر لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤی ئەم سەردەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی برەوپێدانی عەقڵانییەتە و ئەو عەقڵانییەتە دەسەڵاتێکی گەورەی پێ دەدات کە بتوانێ زۆر شت بگۆڕێت و وەکوو سەردەمی کۆن کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیی ملکەچی نەبێت کە هەمووشتێک بە دیاریکراوی قەدەر و خۆی بە

بێدەسەڵات بزانێت. بەدەر لەوەش ئەو کەسەی دەیەوێ گۆڕانکارییەکان بکات ئافرەتە، ئەم ئافرەتە ئەوەندە بڕوای بەخۆی هەیە و ئەوەندەی متمانەی بەخۆ بەرز بووەتەوە دەیەوێ دەست بداتە گۆڕان.

ئاستی زانیاریی چووەتە سەرەوە و دەیەوێ بێتە ئاستی کردەوە، واتە تەنیا کاتێک کاتی ڕزگاربوونە کە بزانێ کێیە و چی دەوێت.

دوورکەوتنەوە لە دروشمی توندڕەوانەی فێمینیستی و قەبووڵکردنی دۆخی ڕاستەقینە دەیەوێ بۆ گەیشتن بە ئەو (هەورا)، تەنانەت بە گژ مردنیشدا بچێتەوە. ڕەنگە ئەمە هەوڵێکی شاعیرانەی زۆر گەورەکراوە بێت، بەڵام دیسان دڵنیابوون و متمانەبەخۆیە بۆ دەرچوون لە دەسەڵاتی قەدەر کە کۆمەڵگەی ناعەقڵانی و کۆنبڕوای پێ بووە. هەنگاونانە بۆ دەربازبوون و قەبووڵکردنی ئەو ڕاستییەی کە ئەو وەکوو ئافرەتێک دەبێ لەگەڵ پیاوێکدا بژی، دەنا ژیان ئاسایی نییە و لایەنێکی کەمە. هاوکات عەشق و ئەوینەکەشی بە (هەورا) نەک هەر وەک خۆی، بگرە گوڕ و تینیشی زیاتر دەبێت و دەگاتە ڕادەیەکی زۆر بەرز. ئەم مەسەلەیە دوو شت ڕوون دەکاتەوە:

**یەکەم:** قووڵبوونی ئەوین و خۆشەویستی لای ئافرەت و وەفاداربوون بە وادە و بەڵێنەکانی خۆشویستن.

**دووەم:** دیسان خۆبواردن لە دوو شێوە ڕوانینی جیاواز بۆ مەسەلەی پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵدا، بیری کۆنی ترادیسیۆنی و بەعەیبەزانینی ئەوین و ملکەچبوون لە لایەک و توندڕەویی ناژیرانە و تێکدەرانەی فێمینیستیی پەرگیر کە بە هەموو شێوەیەک ماف بە ئافرەتان دەدات و لە هەموو لایەکەوە پیاو بە تاوانباری چەوسانەوەی ئافرەتان دەزانێت. نووسەر ئەو دوو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و دێتە ناو ڕاستەقینەی ژیانەوە و پیاو و ئافرەت وەک مرۆڤ دەبینێت کە جیاوازییان پێکەوە هەیە و پێویستیشیان بە یەکە، وەکوو یەک.

## هەستێکی ئافرەتانە و گۆشە ڕەخنەیەک لە پیاو

لەو شوێنەشدا کە دەیەوێ ئەڵقەکەی پێ بداتەوە، دەبینێ پەنجەی ئاوساوە و ناتوانێ ئەڵقەکەی لێ دەربێنێت، لێرەدا پێش ئەوەی باس لە ئەڵقەکە و ئاوسانی پەنجەی بکرێ، پێویستە بگوترێ لە سەرلەبەری چیرۆکەکەدا باس لە ساردی و کەمتەرخەمی هەورا دەکرێت. لە شێوەی ڕەفتار و کرداریدا و لە نزیکبوونەوەی و هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ کانی.

لە زۆر شوێندا لە مۆنۆلۆگ و گێڕانەوەکاندا ئەو باسە دێتە پێشەوە و بە شێوەیەکی زیرەکانە چاوێکیان بە سەردا دەخشێت. لەباسی ئەڵقەکە و ئاوسانی پەنجەشدا ویستوویەتی دیسان وەفاداریی ئافرەتان بە جورێک بەرجەستەتر لە پیاوەکان نیشان بدات و بڵێت، سەرباری ئەو هەموو ئازارەی بە دەست خۆشەویستیی پیاوەوە چێشتی و ئەو هەموو کەمتەرخەمییەی کە بینی، هێشتا ئامادە نییە لێی جیا بێتەوە و وازی لێ بێنێت.

چیرۆکەکە لەو دیمەنەدا ڕاستەوخۆ دوو مەبەستی بۆ خۆی دیاری کردووە.

**یەکەم:** دەڵێت ئافرەت لە وەفاداریدا تا دوایین قوربانییەکانیش هەر دەچێتە پێشەوە و وازهێنان ڕەنگە دوایین بژاردەشی نەبێت.

**دووەم:** باسەکە وردتر دەکاتەوە و وەکوو مرۆڤێکی ناو ئەم کۆمەڵگە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا باس لە خۆی دەکات وەک تاکەکەسێک و دەڵێت من وەهام، من لە دوایین چرکە و دوایین ساتی نائومێدیشدا هێشتا ئامادە نیم بەڵێنەکە هەڵوەشێنمەوە، واتە بەڵێنی عەشق و خۆشەویستی.

## بانگەوازێکی مرۆڤانە بە شێوەیەکی زیرەکانە

«یادی بە خێر شیرین.. تەنیا دوو ڕۆژ بوو، کەچی بە درێژایی چیرۆکێک پێکەوە ژیابووین. پێش ئەوەی بیناسم، بگرە ڕقیشم لێی بوو. سەحەر نەبێ کەس نەبوو بە هاوڕێی. هەر کە هاتە خوێندنگەکەمان کردیان بە چاودێر. ئەویش زۆر لەخۆبایی بوو و هەڵسوکەوتێکی گونجاوی لەگەڵ کچەکان نەبوو. ئاخر شیرین کورد نەبوو.»

لە بەشێکی چیرۆکەکەدا و لە ناو پۆلی خوێندندا، ئاماژە دەکات بە قەبووڵنەکردنی شیرین لەبەر ئەوەی کورد نییە. لەلایەک کێشەی نەتەوەیی خستووەتەڕوو کە بەڕاستی لەئاراشدایە، بەڵام لەبەر ئاگاداربوون لە پێکهاتە و لایەنی دەروونی و نەتەوەیی کۆمەڵگە زۆر شارەزایانە بابەتەکەی باس کردووە. قەبووڵنەکردنی شیرین وەک دۆستێک هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی یەکتری، بێ متمانەیی هۆیەکەی نەناسینە.

نەتەوە و گەلان لەبەر ئاگادار نەبوونیان لە یەکتری، بێ متمانەن و قەبووڵی یەکتری ناکەن، بەڵام دوای ماوەیەک دەبنە دۆست و خۆشەویستی یەک، کە لێرەدا نووسەری ئەم چیرۆکە دەیەوێ بڵێت ناسین و دەرککردنی یەکتری و قەبووڵکردنی جیاوازییەکان لە بەینی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێ ببێتە هۆی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، کە ئێستا لە جیهان و لە ناوچەکەی ئێمەدا، بگرە لە شار و پارێزگەکانماندا لەبەر دۆخی تایبەتی سیاسی بووەتە کێشەیەکی گەورە و مرۆڤ دەبنە قوربانیی نەبوونی زانیاری، یان زانیاریی هەڵەیان لەبارەی یەکترییەوە.

## زەقکردنەوەی ئەوین و خۆشەویستی

بابەتێکی دیکە کە ڕەنگە بکرێ بگوترێ دیارترین، زەقترین و گرینگترین بەشی چیرۆکەکەیە و هەموو ئەم باسانەی تا ئێستە کراون لە دەوری ئەو بابەت و تەوەرە دەسووڕێنەوە و بە جۆرێک هەموو ئەمانەش لەو بابەتەدا ڕەنگ و دەنگ دەدەنەوە، ئەو بەشانەن کە بە فۆنتێکی دیکە، یان بە جۆرێک و سایزێکی دیکە نووسراون و جیا کراونەتەوە.

ئەگەر سەرنج بدرێت دەبینرێت ئەو بەشانە زمانێکی تەواو شاعیرانە و ئابستراکتیان هەیە. دەقێکی چڕی قورس و زۆر جار لیریکی کە بە ئاسانی مانا بەدەستەوە نادەن. ئەم بەشانەی چیرۆکەکە، کە ڕاستییەکەی مۆنۆلۆگی بگێڕەوەشن، دوو لایەنی هەرە گرینگی تێدا دەبینرێت. یەکەم خۆشەویستیی (کانی)یە بۆ هەورا و بە پێچەوانەشەوە هەورا بۆ کانی. جۆری نامەگۆڕینەوەیە لە نێوان ئەو دوو خۆشەویستەدا کە بە مۆنۆلۆگی کانی لە ناو چیرۆکەکەدا خۆ دەردەخەن. ئەم نووسینانە دوو بابەتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە: یەکەم خۆشەویستیی کانی بۆ هەورا کە تا سنووری مردن و ئەودیو سنووری مردنیشەوە دێت (وەک لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هاتووە).

دووەم گومانی ئافرەتانی ئێستەی کۆمەڵگەیە لە پیاو. ئەم دوو کۆپلەیە بەتەواوی بێهیوایی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی پیاوسالار ڕوون دەکەنەوە.

**«ئاه.. ناڵاندن چەن پێویستە. ئێستە دەزانم ئاه چییە؟ ناڵە چییە؟ دڵی من! نازانی ناڵاندن چ چێژێکی تێدایە. چ ڕووناکی و سووکییەکی ئاسوودەی بە دواوەیە، تەنانەت خواکان دەناڵێنن، تەنانەت دڕندەی سەر کێوەکان دەناڵێنن..**

وتبووم با ڕۆژانی سێشەممە سەرێکی ئەم دەفتەرە بدەین و بزانین لە دڵی ئەوی ترماندا چی نووسراوە و نەوتراوە؟ هەر پێش زەماوەندەکەمان، پێم وایە پێش لەوەش ئەڵقەکەی ون بکات، ئەم دەفتەرەم کڕیبوو،

کەچی تا ئێستا نە سێشەممە و نە هیچ شەممەیەکی‌تریش، دڵمی نەخوێندووەتەوە. سەحەر! تکات لێ دەکەم وەکوو ئەو قسەکانم بە گاڵتە مەزانە. واز لە من بێنە چیرۆکێکی تر بنووسە.»

ئەم بێهیواییە وردتر دەبێتەوە و دادەبەزێت بۆ کانی و هەورا. لە هەموو چیرۆکەکەدا کە باسی هەورا دەکرێت خۆشەویستی هاوکات و هاوڕێیە لەگەڵ گلەییەکی قووڵی کانی دا. ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت چاوەڕوانیی کانی لە هەورا ئەوەندەی لە فۆرم و ڕواڵەتی وشە و ناوەکاندایە دابین نەکرابێت. وشەی هەورا لە (هەور+ا) پێکهاتووە و دانانی ئەو ناوە بە زانیارییەوە بووە (ا) لە کۆتایی ناوەکەدا تەنیا بۆ جوانکردنی مۆسیقایە و ڕاستییەکەی زیاتر (هەور)ـەکە مەبەست بووە. هەور سەرچاوەیە بۆ ئاو و باران، کانی بە هۆی بارانەوە دەبووژێتەوە و هەڵدەقوڵێ، ڕەنگە ئەو هەورە ئەوەندەی کانی چاوەڕوانی کردبێت، نەبووبێتە سەرچاوەی ئەوین و خۆشەویستی، بۆیە بەردەوام دەکەوێتە بەر گلەیی و گازندە.

«- ئەو گشتە ڕقیشم لە چێشت لێنانە، ئەو یاپراخە خۆشەم لێ ناوە، کەچی هیچ ناڵێی؟

- دەستت خۆش

بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ ڕستەکەی بۆچی هێندە چیاو بوو، لە دڵییەوە وتی:

«چوار شەو ئیتر بەسە بۆ ئەوەی بەم ژیانە تازە ڕاهاتبێ و باوەڕ بکات کە ڕۆژە نەگبەتەکان بەسەر چوون»

«... بەڵام من دەزانم خۆی هێشتا بە دەم ئەو خەمەوە دەتلایەوە کە بۆچی «کانی» بەو هەموو دڵناسکییەوە تەنیا بە تاوانی بچکۆلەی « بە ئاشنای بوون» دەبێ هێندەی ئازار بچەشتایە؟

بێدەنگیی ناو ژوورەکە هێندە خەست بوو، زۆری نەمابوو ئاوات بە سێ دوێشەوەکەی پێشوو بخوازێ.

- سێبەر سێبەر سێبەر؟!»

**سەرچاوەکان:**

**١- پۆست مودێرنیسم، گولن وارد، وەرگێڕانی ئەبوزەڕ مەردومی، تاران، چاپ و پەخشی ماهی.**

**٢- ئەدەبی پەساموودێرن، پەیام یەزدانجوو، تاران، چاپ و پەخشی مەرکەز.**

**٣- بنەماکانی کورتەچیرۆک، مستەفا مەستوور، تاران، چاپ و پەخشی مەرکەز.**

**٤- وتاری کورتەچیرۆک فەتحوڵڵا بێنیاز، ماڵپەڕی ئاتی بان.**

**٥- چیرۆکی پۆست مودێرن (وتار) دوکتۆر فرووغ سەهبا، ماڵپەڕی وازنا.**

**٦- من کەسێکی پۆست مودێرنم ( وتار)، فیدروس ساروی، وییلاگی خەندەگەری.**

**٧- پۆست مودێرنیتە و پۆست مودێرنیسم (پێناسە، بیرۆکە و کاریەستەکان - وەرگێڕان و ئامادەکردنی حسەینعەلی نەوزەری- تاران- چاپ و پەخشی نەقشی جیهان.**

**٨- چیرۆکی شەوێک بەرلە سبەی.. شادی نیکخا.. تاران.. بڵاو نەکراوەتەوە.**

*** ئەنوەر هوژەبری، شاعیر و نووسەرێکی ناسراوی خەڵکی مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، پاییزی ساڵی ٢٠١٣، لە تەمەنی ٣٨ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد. زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی کە زیاتر لە بواری دەقی شیعری، هەڵسەنگاندنی شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی بوون، لە پێگەکەی خۆی لە فەیسبووک بڵاو دەکردەوە. ئەم هەڵسەنگاندنەی ئێستا لە بەردەستتاندایە، لە لایەن هاوسەرەکەیەوە بۆ گۆڤاری (ڕامان) نێردراوە و یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە.**

**(ڕامان)**